هەرێمی کوردستانی عێراق
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء
The Independent High Elections and Referendum Commission

بە پێی ئەودەسەڵاتەی بە ئە نجومەنی کۆمسیاران دراوە لە بڕگەی ( چوارەم ) ی ماددەی ( ١٦ ) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:

## پەیڕەوی ڕێساکانی ڕەفتارکردنی چاودێران
## بۆ پرۆسەی ڕا پرسی سەربەخۆیی کوردستان

### ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ( ٢٠١٧ )

### بەشی یەکەم

بۆ پاراستنی بەرزیی ئاستی پیشەیی و جێبەجێکردنی پێوەرە پیادەکراوە نێودەوڵەتیەکان، ئەوا ئەو چالاکیانەی چاودێران ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکان ئەنجامی دەدەن بەردەوام لەژێر کۆتنرۆڵی پێنج بنەمادایە:

١. **ڕێزگرتنی یاساکان و پەیڕەوکان:** پابەندبوونی چاودێرانی ڕاپرسی بە سەرجەم یاسا بەرکارەکان لە عێڕاق و هەرێمی کوردستان و ڕێزگرتنیان بە بەردەوامی لە هەموو حاڵێکدا.

٢. **دڵنیابوون:** دەبێ چاودێرانی ڕاپرسی ڕاستگۆ و جێگەی متمانە بن.

٣. **بابەتی:** مەرجە هەر هەڵسەنگاندێك کە چاودێری ڕاپرسی دەیکات و هەر دەرەنجامێك کە بە دەستی دەهێنێت لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی گشتگیر و وردبینیانەی تێکڕای بارودۆخ و ڕاستیە پەیوەندارەکانەوە بێت.

٤. **سەربەخۆیی:** مەرجە چاودێری ڕاپرسی سەربەخۆ بن لە بڕیاردان و کەس دەست لە کارەکانیان وەرنەدات و بەپێی یاسا کار بکەن.

٥. **بێلایەنی:** پێیوستە سەرجەم چاودێرانی ڕاپرسی دانبنێن بە پاراستنی بەرژەوەندی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەها سەرەکیەکانی دیموکراتی، پێویستە ئەمانەش لە سەرووی بەرژەوەندیە کەسی و بەرژەوەندیە سیاسیەکاندا بێت.

لەسەر گشت چاودێرانی ڕاپرسی پێویستە واژووی ئەم نووسراوەی خوارەوە (کە ڕێساکانی ڕەفتارکردنە) بکەن و پابەندبن پێیەوە :

بەو پێیەی من چاودێرم بەڵێندەدەم کە هەردەم بەو شێوازە کاربکەم کە گونجاوبێت لەگەڵ بنەماکانی ڕێزگرتنی یاساو پەیڕەوەکان وە لە ڕاستیەکان دڵنیاببمەوە و بەشێوەیەکی بابەتیانە بجووڵێمەوە هەروەها بە سەربەخۆیی و بێلایەنی کارەکانم ڕاپەڕێنم.

مافی خۆمە کە:

أ- لە نزیکەوە بەدوای هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرۆســەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و ریفراندوم و هەڵبژاردنەکاندا بچم.

ب- پەیوەندی بە بەرپرسانی کۆمسیۆنەوە بکەم ئەو زانیاریانەی کۆمسیۆن دەستیکەوتووە لێی وەربگرم.

ت- بە ئازادی پەیوەندی بە تێکڕای نوێنەرانی قەوارە سیاسیەکان و هاوپەیمانێتی نێوان ئەو قەوارە سیاسیانە و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە بکەم.

پ- کۆمسیۆن یا لایەنی پەیوەندار ئاگاداربکەمەوە لە هەر ترسێك کە لەسەر سەلامەتی پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکان هە بێت.

ج- بە ئازادی بچمە ناو بنکەکانی تۆمارکردن و دەنگدان و ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان.

ح- ڕاپۆرت بۆ ئەو تیمەی چاودێری بەرز بکەمەوە کە ئینتیمام بۆی هەیە.

لەو کاتانەی کە تێیدا وەك چاودێرێك کاردەکەم بەردەوام ڕەچاوی ئەم خاڵانە دەکەم:

أ- پابەندبوون بە یاسا و پەیڕەوە کارپێکراوەکان.

ب- هەرگیز چەك هەڵناگرم و ڕەفتاری نابەجێ و شەڕانگێزی ناکەم.

ج- پاڵپشتی و لایەنگیری چالاکی بۆ بەرژەوەندی هیچ قەوارەیەکی سیاسی یا بەرەیەکی سیاسی ناکەم.

د- دیاری و بەرتیل لە هیچ قەوارە و ڕێکخراوێك قبوڵ ناکەم.

هـ- بە هیچ شێوەیەك خۆم لە چالاکیەکانی کۆمسیۆن و قەوارە سیاسیەکان و هیچ کاروبارێکی سیاسی هەڵناقوڵتێنم.

و- هۆشیارانە ڕۆڵی خۆم دەگێڕم و ڕێزی ڕۆڵ و پێگە و دەسەڵاتی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن دەگرم، لەگەڵ ڕێزم بۆ خۆتۆمارکەر و دەنگدەر و بەرپرسانی ئاسایش و تێکڕای پەیوەنداران بە پرۆسەی ڕاپرسی.

ز- لە کارەکانمدا تەواو پابەندم بەو نووسراوانەی لە کۆمسیۆنەوە دەرچوون، هەر ڕێنماییەك لە کۆمسیۆنەوە دەرچێت ڕاستەوخۆ پێیەوە ملکەچم، بۆ نموونە هەر کاتێ بەشێوەیەکی گونجاو داوام لێ بکرێت ناوچە یا شوێنێکی دیاریکراو جێبهێڵم یا چوونە ژوورەوەم لێ قدەغە بکرێت، یا داوام لێ بکرێت بنکەی تۆمارکردن یا دەنگدان یا جیاکردنەوەی دەنگەکان یا هەر بەشێکی دیاریکراوی ئەو شوێنانە.

ح- خۆم لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕاپرسی هەڵناقوڵتێنم و کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروستناکەم.

خ- بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو پسوولەی متمانەدان بە خۆمەوە هەڵدەواسم تا بناسرێمەوە کە چاودێری ڕاپرسی و هەڵبژاردنم، هەر لە کاتی چوونە بنکەی تۆمارکردن یا دەنگدان یا ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان یا هەر جێگایەکی سەر بە کۆمسیۆن خۆمیان پێدەناسێنم.

د- ڕێزگرتنی نهێنیەتی دەنگدان دەگرم، وە ناچمە ژووری دەنگدان.

ژ- بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە دەنگدەرانەوە ناکەم بۆ ئەوەی کاریگەریم لەسەر دەنگدانیان هەبێت، دەست لە شێوازی نهێنیی دەنگدان وەرنادەم لە ڕۆژی ئەنجامدانی ڕاپرسی یا لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕاپرسی.

ر- هەرگیز هەوڵ نادەم هیچ ڕێنمایی یا زانیارییەك پێشکەشی پەیوەندارانی پرۆسەی ڕاپرسی بکەم یا یاسا باوەکانیان بۆ لێکدەمەوە.

ز- هەوڵی ناوبژیکردنی نێوان ململانێیەکان نادەم.

س- هەنگاوێکی گونجاو دەگرمە بەر بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمسیۆن بۆ ئەو زانیاریە ماددی و ڕاپۆرتانەی دەدەمە دەستیان، هەر ڕووداوێکیش لە بەردەمم ڕوویدابێت و ڕاستەوخۆ تێبینیم کردبێت بە هەمان شێوە دەیگەیەنم، هەروەها لە ئەگەری ڕوودانی سەرپێچی یاسا کارپێکراوەکان لای خۆم تۆماری دەکەم، هەر گومانێکی لەو جۆرە ناپاکی و گەندەڵی و تۆقاندن و توندوتیژی دەگەیەنم.

ش- دڵنیام لەوەی گشت ئەو زانیاریانەی دەیان گەیەنم، لە سەرچاوەی سەرەکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەریان دەگرم، دوای لێوردبوونەوە و ڕێکخستنیان لەنێو ڕاپۆرتێك بەشێوەیەکی ڕوون و ڕێکوپێکی زانستی و دور لە هەموو ئاڵۆزیەك ئامادەی دەکەم.

ص- بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی فەرمی لەلایەن کۆمسیۆنەوە هیچ ئەنجامێکی ڕاپرسی ڕاناگەیەنم و هیچ لێدوانێکی لەسەر نادەم.

## بەشی دووەم

## کارکردن بە پەیڕەوەکە

کار بەهیچ دەقێ ناکرێ پێچەوانەی ئەم پەیرەوە بێت.

## بەشی سێهەم

## ڕۆژی کارپێکردن

ئەم پەیرەوە لەڕۆژی پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە لە ٢٠١٧/٨/١٥ کاری پێ دەکریت.

ئەنجوومەنی کۆمسیاران
٢٠١٧/٨/١٥